# باشترین ئامێری مۆبایل لە ساڵی ٢٠٠٦

**رسول صالح**



ماڵپەری بەناوبانگی CENT لە وتارێکی دا لە پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیای مۆبایل دەکۆڵێتەوە و باشترین مۆبایلەکانی ساڵی ٢٠٠٦ لە رووە جۆراوجۆرەکان دەست نیشان دەکات.
لە ساڵی رابردوو باشترین بیستۆک ئەو بیستۆکانە بوون کە کامیرایان هەبوو و پێشبرکێی نێوان بیستۆکەکان لە رووی جوانی و مۆدە زۆر توند بوو. بەکارهێنانی GPS و Wi-Fi بووە شتێکی ئاسایی و پێشکەوتنی تۆرەکانی پەیوەندی مۆبایل ، بووە هۆی خێراتر دابەزاندنی بابەت و پرۆگرامەکان.
بیستۆکەکانی وەچەی سێیەمی سۆنی ئەریکسۆن و نۆکیا بوون بە خاوەنی کامیرای سێ مێگا پیکسێلی. لە بواری گرتنی وێنە بیستۆکەکانی K800i و N73 و زیاتر بیستۆکەکانی نۆکیا بە باشتر دادەندرێن بۆ بارکردنی (Upload) وێنەکان بۆ ماڵپەری (فیلکەر).
کۆمپانیای LG بیستۆکی چوکلێتی کە دارشتنێکی داهێنەرانەی هەبوو خستە بازار . ئەمەش ستراتیژیەتی زیرەکانەی ئەم کۆمپانیایەیە کە بیستۆکێک بە دراشتنێکی جیا دروست بکات و بە خێرایی رکابەرەکانی هاوشێوەی دروست بکات.
لە بواری تۆرەکانی پەیوەندی نێوان بیستۆکەکان، پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی و کۆمپانیاکانی Telstra و Vodafone لەم بوارە دەست پێشخەر بوون.
هەروەها دەنگۆی ئەوە هەیە کە کۆمپانیای Apple یش بێتە بواری بیستۆک و (iPod phone)ێک دروست بکات کە تێکەڵێک بێت لە iPod و مۆبایل.



باشترین مۆبایلی هەلگری کامیرا
سۆنی ئەریکسۆن K800i



باشترین مۆبایل لە رووی دارشتن
LG چوکلێت KG800



باشترین مۆبایلی سکە
سامسونگ D900




ئومێدی داهاتووی بازار

2 Telstra hiptop



باشترین مۆبایلی هۆشمەند بۆ بەکارهێنەرانی بازرگانی

8700 BlackBerry



باشترین مۆبایل لە رووی دارشتن و مۆدیل:

سۆنی ئەریکسۆن Z610i



باریکترین مۆبایل

مۆتۆرۆلا SLVR L7



بەرچاوترین و سەرنج راکێشترین مۆبایلی ساڵ:

مۆترۆلا D&G RAZR V3i



باشترین مۆبایل کە باشترین سیستەمی کارپێکردنی MP3 :

سۆنی ئەریکسۆن W810i



باشترین مۆبایلی هەڵگری GPS

Mio A701




باشترین مۆبایل بۆ وەرگرتن و ناردنی ئیمەیل:

نۆکیا E61




خۆراگرترین مۆبایل:

نۆکیا ٥٥٠٠ سپۆرت




**ئۆمێدی داهاتووی نۆکیا:**
**نۆکیا N95 کە خاوەن کامیرای ٥ مێگا پیکسێلیە**




**بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت زۆرترین گرفتیان لەگەڵ هەبووە:**
**نۆکیا ٦٢٨٠**




**نائۆمێد کەرەوەترین مۆبایل**
**نۆکیا N91**




**باشترین مۆبایلی بلاک بیری:**

8100 BlackBerry Pearl

بلاک بیری جۆرە ئامرازێکن کە لە ساڵی ١٩٩٩ ەوە کۆمپانیای RiMەوە داهێنراون و ئیمکانیەتی ناردن و وەرگرتنی ئیمەیل و فاکس و ئینتەرنێت و پەیوەندییە تەلەفۆنیەکانی هەیە.

**سەرچاوە:**

http://www.cnet.com.au/mobilephones/phones/0,239025953,339272785,00.htm

## یەکەمین مۆبایل بە زمانی کوردی




**لە هەنگاوێکی گرنگدا سەبارەت بە گەلی کورد کۆمپانیای (LG) بۆ یەکەمین جار لە تەکنۆلۆژیای زانیاریدا هەڵسا بە دانانی پرۆگرامی بە زمانی کوردی لە مۆبایل. بەمجۆرە زمانی کوردی لە نووسین و خوێندنەوەی سەر لاپەرە بوو بە زمانی نێو جیهانی تەکنەلۆژیا. لەم روانگەیەوە گەلی کورد بە چاوی دۆستێکی دڵسۆز سەیری کۆمپانیای (LG) دەکات.**

**هەرچەندە گۆڕینی زمانی پرۆگرامەکان لای پرۆگرامنووسەکان کارێکی سانایە، بەڵام وەکو چۆن باسمان کرد گرنگیەکەی لەوە دایە کە کۆمپانیاییەکی گەورەی وەکو (LG) زمانی کوردی لە پێرستی زمانە بەکارهاتووەکانی ناو مۆبایل دابنێت.**